## مام جلال و شەیدای ووشەی سەرۆک کۆمار ... دانا دووکانی

خوێنەری بەڕێز کاتێک باس لە هەر نەتەوەیەک دەکەین دیارە ئەو نەتەوەیە خاوەنی مێژوویەکی تایبەتی خۆیەتی وەلەم مێژووەدا هەر گەلەو خاوەنی چەند سەرکردەیەکە کە جێگایی شانازی نەوەکانی ئەو گەلەن، ئەوەتا کاتێک باس لە هندستان دەکەین کێ هەیە "گاندی" بەبیردا نەیات، یان کاتێک باسی ئەفریقای باشوور و ڕەش پێستەکانی ئەو وولاتە دەکرێ هیچ مرۆڤێکی خاوەن هەڵوێست ناتوانێت (نیلسۆن ماندێلا) ی بیربچێت.
گەلی کوردیش یەکێکە لەو نەتەوانەی سەر گۆی ئەم زەووییە بەدرێژای مێژووی خاوەنی دەیان سەرکردەی شۆرش گێرو گیان لەخۆ بووردوو بووە کە هەرگیز بەرژەوەندی گەلەکەیان لەپێناوی هیچ دەسکەوتێکی (شەخچی) نەفرۆشتووە.
بەلام ئەمرۆش سەرکردەمان هەیە هەموو شتێکی بیرچۆتەوەو تەنانەت قسەکانی چەند ساڵی پێشووی خۆشی لەوەتەی قاچی گەیشتۆتە سەر کورسی سەرۆک کۆماری، هەر سەرەتایی دەست بەکاربوونی بوو لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ تەلەفزیۆنی (الشرقیە) دەستی کرد بە گاڵتەو گەپ وەک پیشەی هەمیشەیی تا بابەتەکە بووە نووکتە بازی ئەوەبوو سەرۆک کۆمار نوکتەی لەسەر کوردێک گێرایەوە؟!. . . . . . ئەمە خۆی لە خۆیدا زۆر هەڵدەگرێ بەلام من نامەوێ شیکردنەوەی ئەوە بکەم بۆ ئێوەی بەرێزی لێدەگەرێم تەنها ئەوەندە ئەڵێم لەوانەیە لەو کاتەدا جەلال تاڵەبانی بیرچووبێتەوە کە کورد دەنگیان داوەتێ و ئەو بووە بەسەرۆک کۆمار، لەسەرتاسەری دنیادا نەم بیستووەو نەم بینیوە سەرکردە هەبێ وەک ئەم سەرۆک کۆمارە دژی نەتەوەی خۆیی بێ و دوژمن پەرست بێت یان بڵێین دوژمن بە گەورە حساب بکات، ئەوەتا بۆ ماستاو کردن بۆ تورکەکان ئەڵێ (خانویەکم لە ئەنقەرە هیە و حەزدەکەم لە ئەستەمبوڵیش خانوویەک بکرم. . . وەلەلایەکی ترەوە لەقسەکانیدا دەڵێ خەیاڵی سەربەخۆیی لە ناو کوردا نەماوە. . . ) ئەمە لە چاوپێکەوتنێکی بوو لەگەڵ رۆژنامەی (حریەت) ی تورکی کەلە 04-09-2005 بلاوکرایەوە، وە بە زمانی کوردیش لەرۆژنامەی میدیا پاش دوو رۆژ بلاوکرایەوە، وەهەموو لەیادمانە کەکاتێ دەستی تورکمانەکانی ماچ دەکردو هەموو لەشاشەی رۆژ TV یەوە وەک رۆژ بینیمان.
کردەوەکانی ئەم سەرکردەیە هەمووی لەم جۆرەن نازانم باسی کامەتان بۆ بکەم باسی دەم لە ناو دەمی لەگەڵ (ئاغای کەروبی) لە ایران، کە هەموو کوردێکی رۆژهەلاتی کوردستان ئاغای کەروبی ئەناسێت کەدەستی سوورە بە کوشتنی سەدان لاوی کورد بەلام دیبلۆماسە مۆدێرنەکەی ئێمە دەم لە ناو دەمی وەک دوو عاشق لەگەڵ دەکات. خوێنەرانی بەرێز ئەم هەڵسووکەوتانەی مامە نەک هەر من و گەلی کوردی بێزار کردووە بەڵکوو هەندێ جار سەرکردایەتی (ی ن ك) یش هەست بەمە دەکەن، نامە سێقۆڵیەکەی (کۆسرەت رەسوڵ_نەوشیروان مستەفا_عومەر سید علی) ئەم بێزاریەی تەواو پێوە دیار بوو کە ئاراستەی مامەیان کردو داوایان لێ کرد کەمێ خۆی چاک بکات و دیکتاتۆریەتی ناو یەکیەتی کەم بکاتەوە.
ئەم سەرکردەیە تەنها هیوایەتی خزمەت کردنی خەڵکانی غەیرە کوردە، ئەواتا دەیان (تەن) دەرمان بۆ نەخۆشخانەکانی بەغداد دەنێرێت لە سلێمانیەوە بەبۆنەی کارەساتی پردەکە بەڵام هاوکات سەدان منداڵی کوردی رۆژهەڵات ئاوارەن و بەنەخۆشیەوە دەناڵێنن و هیچ نییە بیخۆن بەڵام سەرۆک کۆمار نیو کیلۆ برنج و دەنکە (paracetamol) ێکیشیان بۆ نانێرێت. ئەمانە گرنگ نیە بەلای مامەوە تەنها لێی بڵێن سەرۆک کۆمار ئەو بەسیەتی

ئەگەر لە لێدوانەکانی وورد ببنەوە کاتێک کە خۆی ئەڵێ من وەک سەرۆک کۆمار لە دڵەوە پێ دەکەنێ چونکە ئەمە ئاواتی ئەوەو هیچی تر، ئەوە بوو جاران ئەی ووت (یا کەرکوک و خانەقین _ یاتاماوین ئەجەنگین) بەڵام ئێستا دەڵێ ئەوە ووتەی من نەبووە ئەمە دروشمی پێشمەرگەیە. . . . خۆ خوا نەکردە ئێستا ناشکرێ بڵێ مافی چارەی خۆنوسین لە سەر دڵمان ئەنووسین ئەو ئێستا هیچی تری ناوێ چونکە سەرۆک کۆمارە.

2005-09-11
dana_dokani@yahoo. co. uk
لەگەڵ رێز بۆ کوردستان نێت